# کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی یادی هەڵەبجەیان بەرز راگرت



29 ساڵ لەمەوبەر رژێمی بەعسی عێراقی کیمابارنی شاری هەڵەبجەی کرد و 5000 کوردی بێتاوانی کردە قوربانی، ئاسەوارەکانی ئەم کارەساتە هەتا ئێستا ماوەتەوە.
دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەو یادەدا چەندین چالاکی جۆراوجۆری بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی هەڵەبجە بەڕێوەبرد.
رێکەوتی 2017/3/16 کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ رێزگرتن لە بیرەوەری و یادی شەهیدانی هەڵەبجە پێنج خولەک لە سەرجەم ئۆفیس و کەمپەکاندا بە پێوە راوەستان.
لە کەمپەکانی دیبەگەدا سەنتەری هەڵەبجەی شەهید بە مەبەستی راهێنانی فکری و پەروەردەیی ئاوارەکان کرایەوە، هەروەها لە شاری هەڵەبجەدا 2500 پارسێلی خۆراک بۆ ئاوارەکان دابینکرا و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئازیزانیشدا هاوکاری منداڵە شەهیدەکانی ئەو شارە کرا.

# کەناڵێ ئەسمانی هەلهەلوک یێ زاروکان هاتە ڤەکرن



**خەبات ـ دهوک**
ئێڤاریا 17/3/2017ل دهوک مول و ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و هژمارەکا بەرپرسێن حکومی و حزبی و هژمارەکا زور یا خێزان و زاروکان ئاهەنگا ڤەکرنا کەنالێ هەلهەلوک یێ تایبەت ب زاروکا ڤە هاتە گێران ,
درێ و رەسمێن ڤەکرنا کەنالی نافبری دا بەراهیێ شوکت خودانێ کەنالی دپەیڤەکێ دا ئاماژە کرە گرنگیا پەروەردەکرنا زاروکان و ئاڤاکرنا کەسایەتیا وان ل سەر بنەماییێن نەتەوەیی و زانستیانە و گوت وەکو کەنال دێ یێ تایبەت بیت بو ئاڤاکرنا کەسایەتیا زاروکێ کورد و نیشادانا رەوشت و تیتالێن کوردایەتیێ و باب و باپیرا و هیڤی خواست کو ڤەکرنا کەنالی کارتێکرنەکا باش بکەتە سەر کەسایەتیا زاروکێن کوردستانێ ب گشتی و پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی ,پاش ئیدریس غازی رێڤەبەرێ گشتی یێ راگەهاندن و چاپ و بەلافکرنێ ل پارێزگەها دهوکێ نوینەرێ پارێزگەرێ دهوکێ پەیڤەک پێشکێش کر تێدا دەست خوشی ل وان کەسان کر یێنە بوینە هاریکار بو ڤەکرنا کەنالێ تایبەت ب زاروکا ڤە و دیار کر کو کەنالەکێ حکومی یێ زاروکا هەبو لێ ژبە قەیرانا دارایی هاتە دایخستن و ب ڤەکرنا ڤی کەنالی دێ کارەکێ باش هێتە پێشکێش کرن ودیار کر کو پاشە روژا هەر وەلاتەکی ل سەر زاروکا یە و هەردەمێ زاروکەکێ باش هاتە پەروەردە کرن و پێگەهاندن دێ باشە روژا وی مللەتی باش بیت ,
و پ پشتەڤانیا کارگێریا پارێزگەها دهوک و رێڤەبەریا گشتی یا راگەهاندن و چاپ و بەلافکرنێ ل دهوکێ بو سەرکەفتنا کارێ ڤی کەنالی و هەر کەنالەکێ دی دیارکر و پیروز باهی ل خەلکێ کوردستانێ کر ,,
دیڤدا چەندین برگ و چالاکیێن هونەری یێن زاروکا هاتنە پێشکێش کرن
هەژی گوتنێ پەخشا کەنالێ هەلهەلوک ل سەر فریکونسا 12687H27500ل سەر نایل سات دهێتە پەخشکرن.

# بیست و شەش سالیا سەرهلدانا بەردەڕەش هات ساغکرن

**خەبات ـ یوسرا ئۆرەماری:**
ڕیڤەبەریا ڕەوشنبیری وهونەری ل قەزا بەردەڕەش ب هەلکەفتا بۆرینا بیست وشەس سالان. لسەر ڕاپەرینا خەلکی بەردەڕەش دژی ڕژێما بەعس مەراسیمەک ل دارخست. ل مەڕاسیمێدا چەند گوتارهاتنە خاندن د گوتراندا پەسنا ڕۆلێ هێزین پێشمەرگەی ول وی سەردەمی و خەلکێ کوردستانی هاتەکرن. مشیر شاکر ئێک بویە ژ بەژداربویێن سەرهلدانا قەزا بەردەڕەش بۆ رۆژنەما خەبات گوت ئەز ئەڤرۆڤە گەلەک خۆشحال و سەرفرازم پشکدارێی ل ڤی مەراسیمەی کەم چونکی ئارمانجێ مە بوکوئەم رۆژەکی ب ئازادی ودیر ژ زولم وستەمێ دەربرینا ل هەستێن خۆ بکەین سوپاس بۆخودی و ب شتەڤانیا پێشمەرگەی و خەلکی بەردەڕەش ئەم شیاین رژێما دیکاتۆر ل ناڤ ببەین و ل بن سیا ئالایا کوردستانێ بژین.

دەستیان لە کوشتنی هەوڵاتیانی سقیل هەیە

# هێزەکانی ئاسایشی کەرکووک گروپێکی دز و تاوانبار دەستگیر دەکەن



**خەبات ـ ئارام شێرکۆ**
دوای ئەوەی لە چەند شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک تاوانی کوشتن و دزی لە ماڵان لە چەند گەڕەکێکی کەرکووکدا ئەنجام درا، دوێنێ ئاسایشی کەرکووک گرتنی ئەو تۆمەتبارانەی ڕاگەیاند. وەک خۆیان دەڵێن "لێکۆڵینەوەی سەرەتاییان لەگەڵیاندا کردوە و دانیان بەتاوانەکانیاندا ناوە.
نەقیب فەرهاد حەمەعەلی بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکووک، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد "دوای پشکنین و بەدواداچوونی ئەو زنجیرە تاوانانەی لە چەند شەوی ڕابردوودا لە کەرکووک ئەنجام دران، تیمەکانمان توانییان باندێکی کوشتن و دز بگرن کە ئەو باندە لە دوو کەس پێکهاتوون و دوای لێکۆڵینەوە دانیان بە تاوانەکانیاندا".
حەمەعەلی وردەکاری ژمارەیەک تاوانی خستەڕوو کە ئەو باندە ئەنجمیانداوە. وەک رای گەیاند "لە گەڕەکی عەرەفە ئافرەتێکیان خنکاندووە و هەرچیان دەست کەوتووە لە ماڵی هاووڵاتی (ئەدیب کاکەیی) دزیویانە. ئەمە و چەند تاوانێکی تریش، زیاتر گوتی، ئەو باندە دانیشتووی گەڕەکی عەسکەرین لە باشووری کەرکووک.
بەرپرسی راگەیاندنی ئاسایشی کەرکووک گووتیشی کە شاری کەرکووک لە هەفتەی ڕابردوودا نائارامیی بەخۆوە بینی، دوای ئەوەی زنجیرەیەک تاوانی یەک لەدوای یەک ئەنجام دران، کە گرینگترینیان کوشتنی ئافرەتێک و هەڵکوتانە سەر ماڵی خاوەن شیرنەمەنیی شەکەرچی و دزینی یەک کیلۆ ئاڵتوون و نزیکەی 30 ملیۆن دینار بووە لە ماڵەکەی.
هەر لەو رۆژانەدا تەقە لە سەرتاشخانەیەک کرا و بریندارکردنی چوار کەسی لێکەوتەوە، بۆیە ماوەیەکە شەوان تیمەکانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگەکانی تەناهیی شارەکە لە گەڕەک و شەقامە گشتییەکاندا دەوەستن و ئۆتۆمبێلەکان دەپشکنن.

# شاندێکی پارێزگای هەولێر گەیشتە شانشینی ئوردن



عەمید خالید کورەچی بەنوێنەرایەتی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر گەیشتە عەمانی پایتەختی ئوردن بۆ بەشداری کردن لە وۆرک شۆپێک دەربارەی بەرێوەبردنی باری لەناکاو کە رێکخراوی پەیمانگەی حوکمڕانی کەنەدی بۆ کاروباری جیهان رێکی خستووەو ژمارەیەکی بەرچاوی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم تێیدا بەشدارن .
جێی باسە رۆژی یەکەمی وۆرک شۆپەکە کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە ، ئامادەبووان 5دەقیقە بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە وەستان و وەک رێزیگرتن لە مەزلومیەتی نەتەوەی کورد .

# بالیۆزی ئەمەریکا ل عیراقێ هاتە باشیک



**خەبات ـ یوسرا ئۆرماری**
هەرئێک ل (دەگلاس سلیمان) بالیۆزێ ولاتی ئەمریکا ل عیراقێ و( کین گرۆس) کونسولێ ئەڤی ولاتی ل هەرێما کوردستانی سەرە دانا ناوچەداریا باشیک کرن و ژلایی پێک هاتێن دەڤەرێ هاتنە پێشوازی کرن. شاندی ناڤبری سەری ل کەنیسەیا مەسیحی یان و پەرستەگەهێن ئێزدیان دا و دگەل ئۆل دارێن ڤان تو پێک هاتیان دا جڤیان د جڤینێ دا بەحسێ کارێن تیرۆرستیا داعش هات کرن. بالیۆزی ئەمریکا ل عیراقێ سوز دا کو ولاتی وی ل هاریکاری کرنا هەمی ئەو پێک هاتێن کو زیان ل سەر دە ستێن تیرۆرستیا داعش بەرکەفتی بەردەوام بیت
دیف دا ل کونگرەکا رۆژنەمەڤانیێ دا (دەگلاس سلیمان) بالیۆزێ ولاتی ئەمریکا ل عیراقێ ڕاگەهاند ئەز ئەڤرۆ خوشحالم کو ل ناوچەداریا باشیک م کو بە زندو بازێن هێزێن پێشمەرگەهی هاتە ڕزگارن ئەوێ بۆ من جهێ خوشحالێ یە کو خەلکی ڤێ دەڤەرێ ژ پێک هاتین جودا پێک هاتینەو ب هەڤرا ژیانی دەکەن. ناڤبری گۆتژی ئەم دێ ل هاریکاری کرنا هێزین پێشمەرگەی بە ردامین وچونکی ئەو شیان داعشێ تیرۆرست بشکینن. هەژی گۆتنیە پشتی کو باشیک هاتیە ئازاد کرن جارا ئێکێ یە بالیوز و کونسولێ ولاتی ئە مەریکا سەرە دانا ئەڤی جهی دکەن.

# پارێزگای دهۆک پلانی ئەمنی بۆ رۆژانی نەورۆز راگەیاند



دوای کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی هەموو بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک پلانی ئەمنییان بۆ هێشتنەوەی ئارامی پارێزگاکە لە رۆژانی جەژنی نەورۆزدا راگەیاند، 4 هەزار پۆلیسیان خستە حاڵەتی ئامادەباشی لە شوێنە جیا جیاکانی پارێزگای دهۆک.
بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، رائید هێمن سلێمان رایگەیاند "ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک بە هەموو بەشەکانیەوە پلانێکی ئەمنی تۆکمەمان دارشتووە بە مەبەستی پاراستنی سەقامگیری پارێزگای دهۆک و پاراستنی سەروەت و سامانی هاووڵاتییانە لە ماڵەکانیان، ئەم پلانەشمان تا کۆتایی مانگی ئادار بەردەوام دەبێت".
بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، رائید هێمن سلێمان دوێنێ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند "ئەو فەرمانگە و هێزانەی بەشدارن لە پلانی ئەمنی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، بریتین لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لە دەوامی خۆیان ئامادە دەبن بۆ هەر روودانێکی پێویست، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئێشکگر بەرپرسە لە کارمەندان".
هەروەها گوتی: "لە بەشی پۆلیسی ناوشاردا هەموو کارمەندەکان لە دەوامەکانیان بەردەوام دەبن، هەروەها 20 ئەفسەر و 129 کارمەند لە حاڵەتی هەماهەنگی و هاوکار دەبن لەگەڵ دامودەزگاکانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکان دەکەن. ئەفسەرانی ئێشکگر لە دەزگاکانیان بەردەوام دەبن لە کارەکانیان بۆ ئەوەی ئەگەر هاووڵاتییەک سکاڵایەکی یاسایی هەبێت بتوانێت تۆماری بکات لەلای پۆلیس، لە بەشی نەهێشتنی تاوانەکان 300 کارمەند دابەش کراون بەسەر بەسەر پێنج کەرت مەفرەزەی گەڕۆک لەناو کوچە و کۆڵانەکانی ناوەندی دهۆک بەجلوبەرگی مەدەنی و پیادە و ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەن، لە هەموو بنکەکانی نەهێشتنی تاوان ئەفسەر و کارمەند ئامادەی خزمەتکردنی هاووڵاتییان دەبن".
رائید هێمن سلێمان دەڵێت "لە هەمان کاتدا بەشی پۆلیسی زێرەڤانی هەڵدەستێت بە جێگیرکردنی پۆلیسی زێرەڤانی لە هەموو دامودەزگاکانی حکومی و حزبی و، تیمی گەڕۆک بەردەوام بەدواداچوون و چاودێری دۆخەکە دەکەن.
هەروەها بەشی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی پارێزگای دهۆک هەڵدەستێت بە جێگیر کردنی مەفرەزە لە شوێنانەی ئاهەنگی تێدا دەگێڕدرێت بە بۆنەی جەژنی نەورۆز، ئەم مەفرەزانەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان لە ناوەندی پارێزگا و دەورووبەری بڵاوەیان پێدەکرێت، دانانی مەفرەزەی تایبەت لە زاویتە، گەلی کورتکێ و قارقاراڤا کە شوێنی گەشتیارین لە پارێزگای دهۆک، زیاتر لە 100 پۆلیس لە بارەگای پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی پارێزگای دهۆک لە حاڵەتی ئامادە باشیدا دەبن بۆ ئەوەی لە کەمترین کاتدا دۆخی نەخوازراو کۆنترۆڵ بکەن. بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ئاماژەی بە ئەرکی پۆلسی فریاکەوتنی پارێزگای دهۆک ـ دا و گوتی: 22 بازگەی پۆلیسی فریاکەوتنی پارێزگای دهۆک لەناو پارێزگای دهۆک جێگیر کراون لە هەر بازگەیەک ژمارەیەک پۆلیس و ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی پۆلیس دابین کراوە بۆیان، دوو مەفرەزەی گەڕۆک تەواوی کارمەندانی حاڵەتی ئامادەباشی دان بەسەر دەکەنەوە، هەماهەنگیەکی باش لەنێوان هەموو دامودەزگاکان بوونی دەبێت.
هێڵی گەرمی پەیوەندیدکردن ژمارە 062 و 104 و 140 بەردەوام لە خزمەتی هاووڵاتییان دەبن بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بتوانن لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەنەوە".
گوتیشی: "ئەم پلانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک سەرپەرشتی دەکرێت و زیاتر لە چوار هەزار پۆلیس بەشدارن لەم ئەرکەدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک. داوا لە هاووڵاتییان دەکەین لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هاوکار بن. لە بەرنامەی پۆلیسی دهۆک دایە یارییە ئاگرییەکان کۆنترۆڵ بکات و تا ئێستا زیاتر لە 55 هەزار پارچەی یاری ئاگرین دەستەسەر کراون".
لە کۆتاییدا ئاماژەی بەوەدا ژمارەیەکی زۆر پۆلیسی سەربە بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای دهۆک لە سنووری خانەسۆر و شنگال جێگیر کراون بۆ ئەوەی رەوشی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن.

# هەریر... سیمینارێک لەبارەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەرێوەچوو

**خەبات ـ حەمید سورچی:**
لە هۆبەی مافوری دەستکردی هەریر بەبۆنەی رۆژی 8ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە قەزای شەقلاوە بە هاوکاری رێکخراوی یو ئێن ئیف پی ئەی سیمینارێک لەسەر یاساکانی پەیوەندیدار بە توێژی ئافرەتان ساز کرد، سیمینارەکە لەلایەن رائید سەفین ئیسماعیل بەرێوەبەری نووسینگەی ناوبراو بەرێوەچوو بۆ ژمارەیەک لە ئافرەتانی دەڤەرەکە ، لەمیانەی سیمینارەکەدا تیشک خرایە سەر کێشەکانی خێزان لە کۆمەڵگەدا ئەو توندوتیژیانەی کە لە هەمبەر ئافرەتان ئەنجام دەدرێن، ئەم پرسەشی لە رووی یاساییەوە بۆ ئامادەبووان شرۆڤە کرد و سەقامگیری و ئارامی و لێکتر تێگەیشتن و لێبوردەیی لەنێو خێزاندا بە فاکتەرێکی کاریگەر زانی بۆ چارەسەر کردن و زاڵبوون بەسەر ئاریشە و کێشەکانی ناو خێزاندا لە پێناو پتەوکردنی خێزانێکی ئارام و سەرکەوتوو.